# هونراوەکانم



## نەجمەدین مەلا

١٩١٠ - ٣-١١-١٩٦٨

# هۆنراوەکانم

نەجمەدینی حاجی مەلا رەسووڵ
( ن . ئاری )

١٩٦٩

وەزارەتی کاروباری شیماڵ یارمەتی‌ی چاپی‌داوە

لەچاپخانەی ( دار الجاحظ ) ـ لە بەغدا لە
چاپدراوە

## پێشکەش بەو خوشک و برایانەی
## دیلی لایان نەنگە وە تەوقی ئەشکێنن

سکالآیەک دەسا ئەی دڵ لەدەست دەوران
هەموو ئاواتەکانی تۆی لە ناخی گیاتنا خنکان
نەبوو ڕۆژێ بەکامی پیاوی مەرد چەرخی بسوڕێنێ
تەلارو کۆشک و ئامانجی هەزاران دانەڕوخێنێ

# بۆ وێنەکەم



١٩١٠ - ٣-١١-١٩٦٨

وێنەم ببینن جارجار یادم کەن

دەستی هەژارێ بگرن شادم کەن

رێی چاکە گرتن پیشەی مەردانە

هەرچەندە بژیت دوایت نەمانە

# سـۆزەيـەكی دەروون

**١٩٣٨**

جێم نی‌یە تیا بسرەوم خاكم بەسەر بێ لانەخۆم

بێ‌كەس‌و بێ‌یارو هاودەم بێ مەی‌و مەیخانەخۆم

یار ئەڵێن تۆراوە لێم دەك كافری بتخانەخۆم

ئای بە روو زەردی هەڵهاتوی ئەم كەژو كێوانەخۆم

(وەی بە رسوایی لە كووچەی شاردا دێوانەخۆم

مستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانەخۆم)[1]

لانی دلداریم ئەدا دوێنێ لە مەیدانا بە دڵ

هاتووچوی لای دولبەرم بوو زۆر بە تاسەو زۆر بە کوڵ

هەروەکوو بولبول لە گولزارا ئەچوومە سەیری گووڵ

ئێستەکەیش بێ کەس لە ساحەی عەشقدا بێ یانە خۆم

وای بە رسوایی لە کووچەی شاردا دێوانە خۆم

مستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانەخۆم

هاتووچۆی بێ ترس و تانەی دوژمنم بوو ئەی برا

شووشەکەی دڵ ووردو خاش بوو بەردی جەوری لێ درا

هاودەمم ناڵەی دەروون بوو ئێستە وا دەنگی برا

دوور لە چاوی یاری شیرین سوحبەتی جانانە خۆم

وای بە رسوایی لە کووچەی شاردا دێوانە خۆم

مستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانە خۆم

کەس لە رۆژانی ژیانا بێ‌دڵو بێ لەیل نەبێ

وەك منی بێ‌چارە هەرگیز وا دەروونی کەیل نەبێ

هەروەکوو مەجنوونی بێ‌کەس وێلی کۆچی لەیل نەبێ

ڕەنجی فەرهادیم بە با چوو قەیسي سەرگەردانە خۆم

وای بە ڕسوایی لە کووچەی شاردا دێوانە خۆم

موستەحەقی تیرو تانەی ئاشناو بێگانە خۆم

* * *

لە توێی دەروونا جێگەیان دیارە

نەگبەتی و مەینەت غەمو پەژارە

ئەترسم بمرم ئەم هاوڕێیانە

بمێننەوە بێ لانەو بانە

---

(١) ئەم بەیتە لە تەخمیسی ئاری لەسەر هۆنراوی تایەر بەگەوە وەرگیراوە . نیوەی یەکەمی هۆنراوی ئاری یە بەلام وشەی ئەفسانە لێرەدا کراوە بە دیوانە . نیوەی دووەم هۆنراوی تایەر بەگە .

# پێنج‌خشتنه‌کی له‌سه‌ر هۆنراوه‌یه‌کی

## «هـه‌ردی»

ئه‌زانی گیانه‌که‌م بۆچی شپرزه‌و مات‌و داماوم

به‌ده‌س ده‌ورانه‌وه هێنده‌ی نه‌ماوه بیربچێ ناوم

له ده‌س داغی نه‌مامی جوانی دڵداری نه‌ڕسکاوم

به‌سه‌رسامی له‌سه‌ر لوتکه‌ی بڵندی گه‌نجی وه‌ستاوم

شریتی عومری رابوردوو وه‌کوو خه‌و دێته به‌رچاوم

کە تێبینی ئەکەم لەم ژینە تاڵەی دوور لە شادیمە

سەراپا مەینەتو بێیارو هاوڕێو کاتەسەختیمە

لەبەرچی هاتمە دنیا ، بۆ سزای ئەم ژینە ، بۆچیمە

شریتی چی سەراپا سەرگوزەشتەی نائومێدیمە

فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێناوی لاویمە .

پەرێشانە دڵەی زارم بە جارێ وا پەشێواوە

بەسەد دەردو سزاو خولیا وەها ئاڵۆزو ئاڵاوە

لە ڕۆژی سەرنویشت چارەی منیش بەم جۆرە نوسراوە

تروسکەی تیا بەدی ناکەم سەرنجم هێندە لێداوە

لە تاپۆی نامرادیم و غەمو ناسۆری بەولاوە

ئەگەر نەشتەر لە جەرگم دەی هەمووی هەر زۆخو زوخاوە

بەموژگانی ڕەشی ئەو دولبەرە بێڕەحمە پێکراوە

کەلێنێکی نیە بێزام ئەلێی بێژنگە بێژراوە

ئەوەی یەك زەڕە ڕووناکی بدا بەم ژینە شێواوە

دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو کە ئێستا پاکی ڕووخاوە

لەتافی لاویا بووم‌و دڵێکی ڕوون‌و جوانم بوو

لە بەزم‌و کۆڕو ئاهەنگا چرای ڕێکوڕەوانم بوو

لە ڕۆژانی لەمەوبەرما کە هۆی تین‌و تەکانم بوو

بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو کە سەرچاوەی ژیانم بوو

دڵێ مەڵبەندی ئاوات‌و تەوژم‌و تینی گیانم بوو

دڵێکم بوو هەموو کاتێ لە بەزمو دوور لە پەستی بوو

لە ناو کۆڕی ڕەفیقانا بە کامو دوور لە سستی بوو

لە ڕاستی شۆخو چاو مەستان هەمیشە پڕ لە هەستی بوو

دڵێ گوڵزاری دڵداری بەهەشتی خۆشەویستی بوو

وەکوو بوتخانە مەیدانی بوتی جوانی پەرستی بوو

لە بەزمو ڕەزمی دڵداری لە خۆشیو پێکەنینا بوو

بەڵام بۆ یارمەتی داماو لە جۆشو ڕاپەڕینا بوو

لە کاتی ناڵەیی داماو لە گریانو گرینا بوو

لەگەڵ هاوارو گریانی هەژارانا لە شینا بوو

لەگەڵ ناڵەی هەژارانا لە خورپەو ڕاچەنینا بوو .

## شین بۆ دوو کوڕە ڕۆیشتۆکـەم

ئازادو نەوزاد دوو کۆرپەی جوانم

ڕۆشن کەرەوەی ڕێگەی ژیانم

هیوام بوو ئازاد ببێ بە دوکتۆر

لێی هەلگا بازووی قوەتیپڕ زۆر

نەخۆشی وولات بدۆزێتەوە

تیماری بکا ببووژێتەوە

نەوزاد لە حقوق بۆم بێتەدەرێ

تۆ لەی چەند سالەی وولات وەرگرێ
جا بێنە مەیدان باوك‌و كوڕانی
وولات پێش بخەن بۆ كامەرانی
ئالاو بەیداخی یەكێتی هەلكەن
دوژمن لە خاكی كوردان بەدەركەن
هەنگاو هەلبێنن بۆ ساحەی ژیان
قورسایی وولات بخەنە سەرشان
ئەلەك دەك كوێر بیت جەرگت سووتانم
خانوو تەلاری هیوات رووخانم
كوێرت كردەوە شەقامی ژینم
لێت بێزار كردم گیانی شیرینم
ئازادو ئەوزاد چوونە گۆڕستان
منت هێشتەوە بۆ كێشەی ژیان

١٩٣٩

# نیشتمانی

ساقی بدە پێم سا جامێ شەراب
وەك لێوی ئازیز شیرین‌و نایاب

بەزمێ ببەستین خەسرەوانە بێ
هۆش دەبا بڕوا پیاو دێوانە بێ

با تۆزێ کەللەم بێ‌هۆش‌و گۆش‌بێ
لە دەردی دەوران هەندێ بێ‌هۆش بێ

دەرکی ئازاری ئەم‌و ئەو نەکەی
پەژارەی دنیا بەسە هەتاکەی

تاکەی زیللەت‌و سووکی‌و ڕسوایی
تاکەی خزمەتی خەڵك بە خۆڕایی

تاکەی خۆخۆری‌و چاو لە پێ بڕین
پەردەی غیرەت‌و حەیا دادڕین

تاکەی وولاتم بۆ ئەمو ئەو بێ
منیش لەسەر دار پیشەم وەك کەو بێ

ئاری پێشڕەوە لە ڕێگەی وولات
بۆ وولات گیانی ئەکا بە خەلات

کەربەلا : ١٩٤٢

* * *

## بـــەهـــاری

سروشت کاتێ لە بەهارا
لە دەشتو شاخو کۆسارا

چیمەن تازەو سەوزو جوانە
ڕازاوەی دەستی یەزدانە

گوڵێ ڕەنگاو ڕەنگی گوڵزار
بە چەپك ئەبرێتە بازار

دیمەنی جوانی کوردستان
جوانیتی خۆی ئەکا پەخشان

لەهەر کانیو شیوو دەرێ
فوارەی ئاو دێتە دەرێ

وورشەوورشی گیاو گوڵاڵە
بۆنی ئەڕوا وەك هەڵاڵە

کاتێ ئەڵێن خوێن جمانـــــە
سەرەتای بەهاری جوانە

ئەوسا هەموو دێهاتیەکان
بەجێ دێلن خانەی زستان

خۆیانو مەڕو ماڵاتیان
ڕووئەکەنە پێ دەشتی جوان

چەند خۆشە تۆیش لەگەڵ دلدار
دوور لە بێگانەو لە ئەغیار

بێ هۆش لە دەردی دەوران بی
لەگەڵ دلدار کامەران بی

ئەمامی ئاوات بنێژی
ڕازی دەروونت هەڵڕێژی

* * *

# دڵداری

کە ئەو جوانە بە عینوانە بە ناز چاوانی هەڵدێنێ
رەگو ڕیشەی دڵەی زارم بە جارێ دائەلەرزێنێ

لە توێی دەسماڵو سوخمەی ئاڵ دوو لیمۆی کاڵ کە دیاری‌دا
ئەبێ گیرۆدەیی جوانی هەتا ماوە بناڵێنێ

لە بۆنی خۆشی ئەو یارە ئەگەر هەندێ بچێ بۆ چین
ڕەواجی عەتری ئەشکێ هیچ بەهاو نرخێکی نامێنێ

چ خۆشە ئەو سەعاتەی وا کە ئەو شۆخە تەنەزول کا
بە خوێنی جەرگو دڵ سەرپەنجەکانی بنەخشێنێ

# دەوران

چاوی سەرسامی ئەگێڕم من لە دنیای بێ بەها
نەمدی کاتێ روو نەچەرخێنێ لە پیاوی با وەفا

رووی لە نامەردە هەمیشە ڕاست بە ئاواتی ئەوان
چەرخی پشتی هەر لە مەردان ڕوو لە نامەردان ئەکا

جێیە ئاوادارە کەچی پارچە زەمینێکی نی یە
جێی زەوی و زار ماوە نابینن کە ئاو ڕووی تێ بکا

وا مەزانە چەرخی تۆیش هەروا ئەمێنێ تا ئەبەد
باش بزانە چەرخی تۆیش کاتێ ئەبینی تێك شكا

ڕۆژی مەردانیش لەپێشەو کاتی دێ
هەر بزانە ئابڕووی نامەرد تکا •

# کۆمەلایەتی

لووتی قولنگم بەکارە
ڕیشەکێشی زۆردارە
لە کاوە یادگارە
کرێکارم کرێکار

بە لووتی گاسن و بێلم
نەوەو بەیار ئەکێلم
بە ڕەنجی شان و قۆڵم
من جوتیارم من جوتیار

بەسەرمای سەختی زستان
بەفر بێ وەیا باران
ئیش ئەکەم بەبێ ووچان
بۆ یارمەتی نیشتمان

هـــــاوین ئارەق ئەڕێژم

سەرماو گەرمـــا ئەچێژم

دارو دەرخت ئـــــەنێژم

لـــــە زەوی‌و زاری لێژم

سەربەرز ئەژیم تا مـــاوم

لەم رێیە گـــەر کوژراوم

من بە کـــــورد ناونراوم

میوان بێتـــــە سەرچاوم

کرێکارم　　　　کرێکار

# دڵداری

گیانه نووسیبوت ئاواتت دووره
هەندێ بەزەیی ، من ڕەنگم سووره

ئەزانی گیانه ڕەنگ سووریەکەی من
هەر لە بەیانی تا کاتی نووستن

فرمێسك ئەڕیژم لە دوودیدەی زار
بە تاڤگەو بە خوڕ وا دێ سەرەو خوار

بڕۆ سەر ( دەجلە ) و تۆ سەبرێ بگرە
سەلامی منی تۆ لێ وەربگرە

هەر کاتێ کە دیت ( دەجلە ) هەستاوە
بەغدا بە جارێ وا خرۆشاوە

بزانە ئەوە فرمێسکی منـــە
لە دووریت گازیز جەرگم کون‌کونە

مەرجی پەیمانم بەکوڵو بە دڵ
مەرج بێ پەیمانم بەرم بۆ ژێرگڵ

ئەو مەرجە کەوا لەگەڵ تۆ بەستم
کاتێ کە دەستت نایەناودەستم

ئەو دڵە ئیتر بۆ کەس لێ نادا
پەیمان نەشکێنە مەرجی تێک نادا

* * *

# نیشتمانی

وولات لاوانت ووریا بۆتەوە
بۆ تۆ هەوڵ ئەدەن بە دڵو بەگیان

مێشك صەد سوپاس روونالکبۆتەوە
هەنگاو هەڵدێنن بۆ ساحەی ژیان

هیوا پەیداکە هێزت بێتە بەر
تۆوی یەکێتی وادا ئەچێنن

ئاویشی ئەدەن بە خوێنی جگەر
ڕیشەی نەزانی لە بن دەردێنن

دەست لەناو دەسا گەل گەلو پۆل پۆل
سوور ئەبێ گوولی یەکێتیو کوردان

ئاواتو ئامانج وا ئەدا شەپۆل
بەکامی یارو کوێری ڕەقیبان

شەماڵ تۆش وەرە دەردی دەروونمان
خاوێن‌و فێنك بەسەر شاخانا

بگەیەنە لای هەموو نیشتمان
تێپەڕکە بەسەر مێرگ‌و گوولانا

ئینجا بڕۆرە خزمەت پێشەوا
یەکێتی ئێمەی عەرزو پێشکەش‌کە

لەسەر ئەو هەوڵو ئێمەش جان‌فیدا
بێ پەروا لە خۆو ئەغیار ئەندێشکە

پێی بڵێ ئەوا جەژنی نەورۆزە
بەکامی ئێمەو کوێری دوژمنان

ئاگری بەرزمان بە گڕو سۆزە
وا پیرۆز بایی ئەکەم پێشکەشتان

# دایکی نیشــــــتمان

دیسان زایەڵەی دەروونی پڕ جۆش

بێ پەروا لە پڕ لێم هاتە خرۆش

بەتیژو توندی پێی ووتم بێهۆش

تاکەی سەفاهەت شەراب ئەکەی تۆش

وەتەن وا ئەڵێ کووانی لاوانم

کوانی کەوکبەبەی شاسوارانم

عەسری بیستەمە کوانی ژیانم

ببینن حاڵی گشت کوردستانم

ڕەبی شیرەکەم حرام بێ پێتان

گەر تێ نەکۆشن بە دڵو بەگیان

بۆ سەرکەوتنی هەموو نیشتمان

صنعەتو خوێندن نەبێ بە خوتان

بیستم پەندەکەت دایکی شیرینم

گەر لە گوێی نەگرم خۆشي نەبینم

١٩٣٥

# بــــه بۆنەی «نـــەورۆزە» وە

ساقی سا تووبی خوا هیچ رامەوەستە تابەیان
یەك لەسەریەك پیالە تێکە دەنگی بەرزبێ با کەمان

پیالە پڕکە مەی بگێڕە کەللە با بێنێتە جۆش
با نەوای تار نالەیی نەی با لە عوود هەستێ خرۆش

نەی نەوای تۆ هاودەمی نالەی دلان
هاودەمی باغ‌و چەمەن دلدارو پۆلی بولبولان

هاودەمم نەی کوا نەواکەت مەرهەمی زامی دلان
دل ئەوەستێنی لە خورپە ڕاچەنین یاخۆ کولان

دامرێنی کلپەو کوڵ هاودەمی تەنیای منی

بۆ غەم‌و دەردو پەژارە لابەری سەودای منی

نەی نەوای تۆ بو ڕەواجی بەزمی خۆشی (خسرو)ی

سەروو عەرعەر ناعیلاجن سەربکەن بۆ تۆ نەوی

بەزمی دیلانی بگێڕن زەمزمەو ئاوازی نەی

با خەجەڵکا بەزمەکانی دەوری خەسرەو یاخو کەی

با لە کەللە هۆشت بڕاو دەرکی ئازارت نەبێ

ئەم هەموو نەنگە ئەبینیت‌و کەچی چارت نەبێ

با سرەوتێکی هەبێ ئەم گیانی چەوساوەم ئیتر

با لە گوێم ببڕێ قسەو باسی براکوشتن چ‌تر

باسەکەت وەرگێڕە ئاری دەردت تیماری نی‌یە

دوژمنت گەر بتکوژێ ناسۆرو ئازاری نی‌یە

داخەکەم ئیستا براتە خوێنەکەت ئەخواتەوە

کردەوەی بەرزو بڵندی شورشت ئەشواتەوە

ژینی تاڵم پڕ لە ژەهرە دوور لە یارو شادی‌یە

جەژنە جەژنی کوردە نەورۆزە ئەوا ئازادی‌یە

گەل بە جارێ چین نەمێنی جەژنی ڕزگاری بکەین

روو بکەینە گردی یارەو شوێنی خۆ دیاری بکەین

بەسی‌یە ئیتر ئەی برای کورد بۆچی بیرو هۆش‌و گیان

بۆچی گشتی بەخت نەکەین بۆ کوردو ڕێگەی نیشتمان

دوودلی لادەین هەموو دەستبخەینە ناودەست وەك برا

هیچ نەماوە هۆزو تیرە گشتی وا مافی درا

هەرکەسێ وا تێئەکۆشێ پڕ بەدەم هاوار ئەکا

بۆ وولاتی تێئەکۆشێو زامی خۆی تیمار ئەکا

ئێمە کەمتر نین لە هیچهۆزێكو تیرەی سەرزەوی

بۆچی یەك نەگرین بکەین گەردنی گەردون نەوی

* * *

# خۆشەویستی وولات

لە هێلانەی دڵا تۆوێ ڕواوە
ڕەگ‌و ڕیشەی لە گشت گیانا بڵاوە

لە قوولی تویێی دەروون‌و ناخی گیانم
بە جۆرێ بنج‌و بێخی داکوتاوە

کەوا ئەو تویێی دەروون‌و ناخی گیانە
ئیتر جێگەی شتی‌کەی تیا نەماوە

ئەویش بەرزی‌و سەرئەفرازی وولاتە
کە چەن هەوڵ‌و خەباتی بۆ دراوە

لە رێی ئازادی‌یا ئەم کوردە مەردە
هەزاران خوێنی لاوانی ڕژاوە

هەموو بەردێ بە خوێنی خۆی‌و دوژمن
چیاو دەشتی ئەڵێی گوڵ گوڵ کراوە

بە هـــەرلادا ئەڕۆی جوانێ ئەبینی
لە هـــەر لایـــەك شەهیدێ تێژراوە

هـــەزاران قارەمانانی گەلی کـــورد
بە نامـــەردی لـــــە شێدارە دراوە

لە ئاگری داغ لە زمنـــاکۆ لە ئەزمـــر
وەکوو تارا بە خۆین سوور هەڵگـــەڕاوە

هـــەموو ناکۆکی یە وا تاکو ئیســـتا
بە دیلی ماوە مافیـــش خـــوراوە

خوا ، ناکۆکی ئەم هۆزە هەتا کـــەی
بەسە ئیتر هـــەتا ڕێی چارە مـــاوە

ئیتر ئاری لە ڕێگەی ئاوو خاکی
ئەبێ سەر دابنێی ڕێگـــەی نەماوە

# شـــەهیـــدی ئـــەوین(١)

بە پێستی سك هەڵت گرتومو ڕەنجیساڵەهای ساڵە
بە مەمكو كۆشي گەرمت شەو نەنوستن تۆ لە ئەم ماڵە
لە ڕاستی خۆشەویستیو ئەركو ئازارت زمان لاڵە

ئەوا جێت دێلم ئەی دایە بە عومری بیستویەك ساڵە
لە بێخو ڕیشە دەرهاتم وەكوو لالەو گوڵی ژاڵە

كە هاتمە دەر لە ناو جەرگو هەناوت زەڕنەقوتەی قووت
لە باوەش بەختیاریو خۆشەویستی تۆ زمان پشكووت
لە ڕۆژێ چاوم هەڵهێنا ئەوین فێربووم لە ڕۆژێ ڕووت

لەسەر تابووتەكەم تو خوا بڕێژە ئەشكی وەك زمڕووت(٢)
بگاتە لای خوا ئاهو هەناسەو گریەتو ناڵە

---

(١) پێنج خشتەكی لەسەر هۆنراوە یەكی « ئەخۆل »
(٢) یاقووت

فوارەی خوێنی زامانو برینم دایەگیان نەسڕی
مەڵێ ڕەنجی بە فیڕۆ دامقسەی بەدکار لە گوێ نەگری
گوڵی ڕازاوە هەر کاتێ لەسەر گۆڕم نەکەی ببڕی

بە دەنگی بەرزو ناڵەی دڵ توێن بەم جۆرە بۆم بگری
کوڕم ڕۆ ڕۆڵەکەم ڕۆیە شەهیدە کفنەکەی ئاڵە

لە دوام جێماوە دڵدارێ دەخیلم پێم بکە بڕوا
بە چاوان تۆ موداڕای کە بە یادی من ئەتووبی خوا
هەموو کاتێ بچۆ بۆ لای مەهێڵە ئەو خەفەت بخوا

ئەوا من خۆم بەجێمهێشتن بەڵام ئەی دایەگیان توخوا
فیراقی من لە دڵ دەرکەن خەفەت زۆر ناخۆش و تاڵە

لە دوام جێماوە جوانێ نەونەمامێ شۆخێ دڵدارێ
لە دوایی ( ڕۆیشتن ) یشم تۆ ئەتوانی بۆم بکەی چارێ
لە گۆڕیشا لەسەر سنگمی فرێدەی ئەرکو ئازارێ

ئەگەر من خۆشەویستت بووم بە یادی من هەموو جارێ
بچۆ لای دولبەرم ماچکە لە جێی من ئەو دەمو خاڵە

چ تیرێ بوو خوایە وا لە ناکاوا لە جەرگی دام
ئەوێنی ئاگرین و جوانی ئەو یارە لە دەستی دام
ژیان تاڵ بوو لەلام و گیانی ئازیز بوو لە کیسی دام

ئەگەر چی جەورو قەهری ئەو بوە قاتل بە کوشتنی دام
بەڵام زینهار دەخیلت بم دڵی مەشکێنە مندالە

مەبن دڵگیر بە لاوی و نەوجەوانی من کەوا ڕۆییم
بە دوای سەرمەشقی مەجنونا وەکو فەرهاد ئەوا ڕۆییم
لەناو دارانی ئەم چەرخە ئەبەن ناوم کەوا ڕۆییم

مەڵێن دێوانە بوو خۆی کوشت لە ڕێی عەشقا کەوا ڕۆییم
لەسەر مەیتم یکەن شینم شەهیدم کفنەکەم باڵە

# وێــژەی دلداری

وا تەوژمو تاڤگەیی فرمێسکی چاوم هاتەخوار
ماڵی سەبری ڕاڕفاندو حەقیەتی نەگرێ قەرار

تیو نیگاهێکی بە عیشوە سەبرو هۆشی لێ بڕیم
دینو ئیمانی لەگەڵدا بردو خۆی کردی فیرار

قازیو موفتی ، مەلاو دەروێشو شێخی قادری
سونیو سالك لە خەلوە دێنەدەر وەك شێتو هار

دڵڕفێنە ، سەف شکێنە دلبەرەی قەد عەرعەرە
ماە جەبینە ، نازەنینە ، زۆر بە تە مکینوویقار

سەرگەلی عێلاتی کوردە شۆخی ڕۆمو ئەرمەنە
ئافەتی جانو دڵە کاتێ لە سەردا دێتە خوار

ئاری دولبەر شاهیدە بۆ شیعرەکانت ناسکن
وەرگرە حەقت بە ماچی خاڵی لێوی گوڵبەهار

# نیشتمانی

ئەگەر داگیرکەر نەدا لە باڵم
یە فیرۆی نەدا رەنجی چەند ساڵم

نەی باتە دەریٚ گشت کشت‌وکاڵم
لەبەر هەژاری بۆچی ئەناڵم

ئەگەر داگیرکەر وازم لیٚ بیٚنیٚ
چەواشەم نەکات نەم شلەژینیٚ

شیرازەی ریٚکیم نە ئاڵۆزیٚنیٚ
هەژارم بۆچی بیٚ ئیش ئەمیٚنیٚ

ئەگەر داگیرکەر لابا کابووسی
فیٚڵ و فەرەجی دەزگای جاسوسی

خوێنم ئەمژێ ئەو بە ئەفسوسی
بۆچی وا ئەژیم من بە مەئیوسی

کانی وولاتم داگیرکراوە
ئالآی رزگاریم لێ وونکراوە

دەرگای سەربەستیم لێ‌داخراوە
لە ژێر تیشکی ڕۆژ جێگام نەماوە

یاخوا داگیرکەر داگیرکراو بێ
ڕستی ئەسیری لە ملکراو بێ

هەر وەکوو ئێمە پرتو بلآو بێ
بەتیری دەوران جەرگ بڕاوبێ

هەتابزانی دەردی ئەسیری
هیچ نەزانینو دیلی ، فەقیری

بچینە جەرگت پێگانو تیری
هەتاکو ماوی دوور بی لە ژیری

# فەلسەفی

سروشت دروستی کردووم لە خاك
ژیام سەردەمێ لە دنیای ڕووناك

هیچ پەروام نی‌یە دادگایی ڕاستی
چاکەو خراپەم بە جووتو بە تاك

بێتە ژمارەو داوام لێ بکەن
کردەوەکانم لە خراپەو چاك

پرسم پێ نەکرا کە دروستکرام
بۆیە ناترسم جواب ئەدەم بێباك

دروستکراوم لەم خاكو خۆڵە
ئەگەڕێمەوە بۆ خۆڵو بۆ خاك

کەی فامی ئێمە دەرکی تۆ ئەکا
خوام ناسیوە بە بێ وێنەو تاك

کەی فامی ئێمە دەرکی تۆ ئەکا
خوای بە تواناو بێ جێگە و وپاك

★ ★

# بـــۆ تـــەرزە

تەرزەی دڵتەزێن لە هیچ نەکردوو
وەیشوومەی بەهار چرۆی دار بردوو

دوژمنی میوە چرۆو گوڵو دار
گێرەشێوێنی سەیرانو بەهار

هەردانەیەکت ئەیدا لە گوڵێ
گەڵا ئەوەرێو ئەشکێنێ چڵێ

خەزانی بەهار دوژمنی گوڵان
پیتو بەرەکەت بردوو بە تاڵان

خەڵەو دەغڵو دان هەموو ئەشکێنی
یەك بە سەریەکا دائەڕزێنی

کە هیچ باشیت تۆ تیا نەخولقاوە
نازانم سروشت تۆی بۆ داناوە

لەگەڵ هەوادا کردووتە پەیمان
یەکتان گرتوە هەردوو لە ئاسمان

دڵۆپە ئاوێ ئەبێ بە باران
هۆی بوژانەوەی خەڵەو دەغڵو دان

بیکەن بە تەرزە تەرزەی دڵتەزێن
ڕەنجی هەژاران تێك وپێك شکێن

لە خوام داوایە نەتبینم بە چاو
هەر لە بەرزیدا بیتەوە بە ئاو

ئیتر نەتبینم ببی بە تەرزە
لقی گوڵاڵە بێنیتە لەرزە

# دوای مـــردن

خۆزگه ئەمزانی له دوای مردنم
دوای تاتەشۆرو گۆڕو کفنم

کاتێ سپێررام بەگۆڕو به خاك
که جێیان هێشتم به دیدەی نمناك

تەنیا مامەوه له گۆڕی تەنگا
له گۆڕی کش‌وماتو بێدەنگا

تەرمی بێ‌گیانم له ژێری بەردا
لەو جێ سامناکەی سەختیو سەردا

کەمارو مێروو بەرەو تەرمەکەم
هێرش ئەهێنن گۆشتو چەرمەکەم

ئەبێتە خۆراك بۆ ئەو شتانه
گۆشتم نامێنێو تورەی ئێسقانه

لە کاسەی سەرا مێشك نامێنێ
جا وردە وردە ئێسکیش ئەشکێنێ

گشت ئەبێ بە خاك ئەو بەژنە جوانە
گۆڕ بۆ جانەوەر ئەبێتە لانە

گۆڕیش نامێنێو شوێنی نامێنێ
لافاو ڕاپێچی ئەکا بۆ شوێنێ

بەڵام گیانەکەم بەرەو کوێ ئەڕوا
برا بزانەو تۆ بکە بڕوا

هەر گیانە ئەڕوا بۆ لای کردگار
کردەوەکانت کراوە تۆمار

چاکەو خراپە هەمووی نوسراوە
شتێك هەیە کە حسابێ ناوە

کردەوەکانت یەك یەك تەرازوو
دادگایی ڕاستی ئەیکێشێ زۆر زوو

خۆزگە ئەمزانی کردەوەکانم
ئەبێتە سەربار باری گرانم

یاخود تاوانم جوان ئەشواتەوە
دەردو ئازارم بیرئەباتەوە

لەڕیزی چاکان جێی ئەبێتەوە
پشوویەك ئەداو ئەحەسێتەوە

خۆزگە بەوانەی لەم دنیا دوونە
لاپەڕەی ژینیان بێ گەردو روونە

تۆیشوو ئەبێرن یارمەتی هەژار
کردەوەی جوانیان کردوە بە کردار

کاتێ ئەگەیتە ئاخر هەناسە
بۆ هیچ شتێیەك ناتمێنێ تاسە

* * *

نیمە پەروا بۆ ژمارە زۆری تاوان‌کردنم
پشتیوانم ئەلف‌و لام‌و هێیە کاتی مردنم

چونکە دەست‌کردی دەستی خۆیم ئیتر پێویست نی‌یە
بیری وا کەم بۆ بەهەشت یاخۆ جەهەنەم بردنم

# فەلسەفی

ڕۆژێ لە ڕۆژان دیم کاسە سەرێ
لە گۆڕێکی کۆن هاتبوە دەرێ

موچڕکێکی سەخت لەشي داگرتم
بیرکزدنەوە لەوێ ڕای گرتم

ئەم کاسە سەرە ڕۆژێ لە ڕۆژان
خاوەن بیرو هۆش لە چەرخو دەوران

ئاخۆ چلاوێ چ کچە جوانێ
یا پیر یا جەوان چەرخو دەورانێ

ئەو مێشکەی لە ناو ئەو کاسە سەرە
پڕ هیوا ئاوات کام دەورو بەرە

ئەم خاکەی کەوا بە سەریا ئەڕۆین
دڵی کام جوانەو هی کام جێگەو شوێن

دوا ڕۆژێ ئیمەیش بە ڕاستی وایە
بۆ دڵ خۆش بکەین ئا بەم دنیایە

# گەیشتن بە یەك

فەرەح بارانو گوڵ پەخشانە ئیمشەو
نزیكی هاتنی یارانە ئیمشەو

زڕەی بازن لەقۆڵە وا لە دوور هات
نیساری مەقدەمی هەر جانە ئیمشەو

ئەمە ئەو وەعدەیە ئەو ڕۆژە فەرمووی
خەڵاتمان ماچی دوو لێوانە ئیمشەو

بە دوو دیدەی نیگاری تۆ عەزیزم
رەقیب گەر بێتە ئەم دەرگانە ئیمشەو

دەمێكە تەفرو توونای دەستی ئەو بوین
مەبە عاجز بەشی لێدانە ئیمشەو

# ئـــازادی هـــۆز

تیشکی ڕۆژو هەوای شەماڵ
چریکەی مەل دەنگی شمشاڵ

جێگەت باغو مێرگو گوڵ بێ
کۆشكو تەلارو سەرچڵ بێ

کۆشکت روونو چراخان بێ
ڕەنگاوڕەنگو خۆشو جوان بێ

لەسەر تەختی سەرداری بی
لە هەموو دنیا دیاری بی

پارە لەلات وەکوو خۆڵ بێ
هەموو شتێ لەلات مۆڵ بێ

لە هیچ شتێ کەمت نەبێ
هەرچی پیویستیت بێ هەبێ

ئەگەر هۆزت ئازاد نەبێ
بە سەربەستی دڵشاد نەبێ

تۆ ناگـــەیتە بەختیـــاری
پەژارەت هەیە ناچاری

# سکاڵا

سکاڵات بۆ بکەم گیانە کە تۆ سالاری جوانانی
نی یە وێنەت بەڕاستی هەروەکوو لەعلی بەدەخشانی

وەکوو دڕکێ ئەبینم خۆم بە بێ نرخی لە دەوری گوڵ
بەشی سووتانە دڕکوداڵ لە دەوری ڕووی درەخشانی

وەکوو پەروانە سووتانە بەشی دڵ چونکە نازانێ
لەلای ئەو دولبەرە یەکسانە مانی یاخو فەوتانی

هەزاران دڵ گرفتارە بە داوی پەرچەمی چینی
هەمووی بەندە بە مووی تاتا بە ئەگریجەی پەرێشانی

ئەوەند مەغرور جوانی خۆیەتی هەڵبەتە نازانێ
ژمارە چەندە کوژراوان بە ئەبرۆوتیری موژگانی

بەڵام گیانە بە جوانی خۆت مەنازە کاتی پیریت دێ
ئیتر ئەو کاتە داد نادا پەرێشانیو پەشیمانی

منیش چارەی دڵی خۆم باش ئەکەم گیانە وەکوو بولبول
کە هەر ڕۆژی لە باغێ بۆن ئەکەم گوڵزارو ڕێحانی

لەسەر ئایینی پەروانە ئەکەم پەرواز لە دەوری تۆ
ئەچم بۆ لای گوڵێ دڵدار کە بۆنی کەم بە ئاسانی

وەرە ئاری ئەوا ژیوانە دولبەر خۆی بەڵێنی دا
سەری سەودا زەدەك دانێ بە هێواشی لەسەر ڕانی

سکاڵات گوێ گرێ دەردی دەروونی خۆتی بۆ دەرخەی
بە مەرجێك تاکو ماوی تۆ ئیتر نەشکێنی پەیمانی

* * *

# بۆ سەر کێـلی گۆڕەکەم :

چاوەڕوان بووم بۆ هەڵکردنی ئاڵا
بردمە گۆڕ بە داخەوە سکاڵا

تو خوا دوای من ئەگەر دیتان ئازادی
لەسەر گۆڕم بە گەرمی بکەن شادی

لە بیرم چێ ئازار خەوم لێ کەوێ
بۆ ئەوەی گیان لە ناو گۆڕا بسرەوێ

داخی « ٩١٤ » تا شەست و هەشت
لە بیر ناچێ مەگەر بە خۆشی بەهەشت

# وولات پەرستی

وولاتەکەم باش بزانە
سەر شۆڕ ناکەم بۆ بێگانە

بڕوانەرە ئەو شاخانە
سوپەری ڕووی دوژمنانە

پەیمانو ئەرکی سەرشانە
پێشمەرگە چەك لەسەرشانە

هەروەکوو شێری ژیانە
پارێزەری کوردستانە

خەبات ئەکەم هەتا ماوم
ئەپارێزم خاکو ئاوم

کوڕو کچو پیرو لاوم
بە خوێنی گەشی ڕژاوم

بە پیری دڵ هەڵقرچاوم
بە ژنی ڕۆڵە کوژراوم

بە خوشکی لە برا بڕاوم
بە دەشت و شاخ و چەماوم

سوێندم بە کورد بە کوردستان
بە شێخ مەحمودی قارەمان

بە شێخ سەعید و بەدرخان
بە دکتور فؤاد و بە ئیحسان

بە چوار ئەفسەری نەمرمان
بە شۆڕشی کۆن و نوێمان

تێ ئەکۆشم بە بێ ووچان
تا ئەچمە ڕیزی سەربەستان

دروشمی هەموو کاتێکمان
هەر کوردستانە یا نەمان

١٩٦١

# گیـرۆدەیی

گیرۆدەی دەستی دلارامێکم
عاشقی چاوی گوڵ ئەندامێکم

ئەپێکێ سەد دڵ بە موژگانی چاو
زنجیری ئەکا بە ئەگریجەی خاو

کارەبا پووشێ چۆن ڕائەکێشێ
ڕیشەی دەروون و دڵ دەرئەکێشێ

هەر کاتە جۆرێ کە خۆی ئەنوێنێ
وەکوو پەروانە من ئەسووتێنێ

بولبول جارجارە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
خۆ رزگار ئەکا لە ستەمی گوڵ

بەڵاّ ئەم دڵەی شێت‌و دێوانە
هەمیشەو دائم روو لە سووتانە

گیانە وا دیارە کە تۆ نازانی
ئەم چەرخە چەپە کاتێکت زانی

رووی وەر ئەگێڕێ‌و جوانیت نامێنێ
هەروا بزانە ئەمڕۆ سبەینێ

پیری تۆرەی دێ‌و داوێنت ئەگری
ئیتر کەس نابێ فرمێسکت بسڕێ

ئەو کاتە نرخی ئێمە ئەزانی
هیچ دادێك‌نادا بۆت پەشیمانی

# گۆرانی قوتابییـــــان

بە کوردی کەوا زمانم پژا
لە رێی کوردستان کە خوێنم رژا

بەرگی ئازادیم بۆیە پۆشیوە
مێژووی وولاتم بە خوێن نووسیوە

وولاتم بۆیە جوانو رەنگینە
دەشتو چیاو دۆڵ هەموو نەخشینە

بۆیە رەنگینەو بۆیە وا جوانە
خوێنی پێشمەرگەی رێی کوردستانە

ئازادیم بە گیان من ئەپارێزم
لە ریزی گەلان بۆیە بە رێزم

فوارەی خوێنی قارەمانەکان
لەسەر بەردێکی پاکی نیشتمان

نووسیویە کەوا دروشمی سالمان
کوردو کوردستان وە یاخو نەمان

ئیتر لە رێگەی کوردو کوردستان
چۆن بەخت نەکەین سەرو ماڵو گیان

* * *

# دیلی و خۆخۆری

گوڵاڵه سووره‌ی سه‌ره‌تای به‌هار
چ ده‌ردێکه تۆی کردوه گرفتار

بۆ به‌م به‌هاره هه‌ڵپڕوکاوی
سووریت نه‌ماوه‌و هه‌ڵبزرکاوی

قرچه‌ی هاوین‌و وه‌ی‌شوومه‌ی خه‌زان
گه‌ڵێکی ماوه چی تۆی هه‌ڵوه‌ران

ئه‌وا من ده‌ردی گه‌لی خۆخۆرم
پرت‌و بڵاوی ڕێ‌وشوێن جۆرجۆرم

شێری ناومال‌و ڕێوی ده‌ره‌وه
ده‌مانچه‌و خه‌نجه‌ر به‌که‌مه‌ره‌وه

بۆ برا کوشتن شێری ژیانن
بۆ دووبه ره‌کی وه‌ك قاره‌مانن

بێگانه به‌روبومان ئه‌مژێ
هیچ پێ نازانن که ئه‌یان کوژێ

چینێ بە چینێ ئەبڕێنێتەوە
خۆیشي سەیر ئەکاو ئەتریقێتەوە

بەم جۆرەیش چاوێ هەڵنا گلۆفن
هەروا ئەزانن کە شەنگ‌و شۆخن

وا من ئەو تیرە داوی‌یە لە جەرگم
لە وادەو کاتا چاوەڕێی مەرگم

گوڵەجوانەکەی شانازی دڵدار
تۆ بە چ تیرێ بوویت بریندار

گوڵ هاتە وەڵام ووتی : هاودەردین
هەر بۆ یەك ئامانج هەناسەسەردین

منیش لەم خاکە جوانە ڕواوم
بە یەکێتی هۆز جوان‌و گەشاوم

پیشەی کە وا بێ لە ناوخۆو دەرێ
جوانیم بۆچی‌یە گەڵام هەڵوەرێ

ئەگەر نەزانی کە دیلی نەنگە
ئیتر بۆ چیمە ئەم جوانی‌و ڕەنگە

# له ناخی گیــــان

له ناخی گیانو توێی دەروون
باوەڕێکی ئاشکراو روون

به ناچاری دەر ئەبڕم
بەرگی دوو روویی ئەدڕم

هاوار ئەکەم ئەقیژێنم
گۆمی وەستاو ئەشڵەقێنم

هەرچی تیایە با دەرکەوێ
خڵتەو لیتە با سەرکەوێ

کاروانی رێگەی کوردستان
بێ ترسانو بە بێ ووچان

بەرەو قۆناخ بکەونە رێ
شێرانە رێگەکەی ببرێ

بەسیە ئیتر براکوشتن
کاروان لە ڕێگە دواخستن

دزو جەردە هیچ ناتوانێ
کۆسپ لە ڕێگەمان دانێ

دوژمن هەر تووێ بڕوێنێ
پارەو ناکۆکی بچێنێ

کاتێکت زانی زوو بە زوو
دەستی ناپاکان کەوتە ڕوو

هەروەکو لافاوی بەهار
راپێچ ئەبن بۆ سەرەوخوار

پیسی هەمووی ئەشواتەوە
هەر کوردی راست ئەی باتەوە

هەر ناپاکێ دژی گەل بێ
لە پێدەشت یا لەسەر کەل بێ

خزمەت کردنی بێگانە
رسوایی یەو مل شکانە

بتانەوێ گەر سەرکەون
نەکەن لە کاروان دواکەون

ئەو کاروانەی رێی هیوایە
مافی گەلو هۆزی تیایە

رێی ئازادیو سەربەرزی یە
هەرکەس دواکەوت سەرنەوی یە

* * *

# هۆنراوەکانم

هۆنراوەکانم هەستی دەروونە
بەری درەختی ڕۆژانی ژینە

پەنگاوی دەروون زۆر لەمەوبەرە
هەمووی ئازارو زۆخی جگەرە

توانایەك نەبو کەوا بە سرپە
دەردت دەربڕی لای کەس بە چرپە

بۆیە وا ئیستا بە تاقگەو لافاو
سەرئەکا بە خوڕ بە کاتو ناکاو

هەروەکوو مەلێ تیژ تێئەپەڕێ
دەردی دەروونی وا دەرئەبڕێ

لێم قەدەغە بـــوو مێژووی وولاتـــم
کـــۆت و زنجیربوو مووچـــەو بەراتم

چاپخانە بەستراو رۆژنامـــە نـــەبوو
بۆ هاورێیەکت رێی نامە نـــەبوو

لـــە زنجیرا بوو هـــەلکەوتۆەکانت
لـــە سەنگـــەرا بوو قارەمانانـــت

کوشـــتن بوو بـــەشی راستی بوێژان
خـــوێنی بێتاوان نارەوا رێـــژان ـ

لە خۆر ، لە هەوا تۆ بەشدار نەبووی
لە ماڵی خۆتا بەر قـــەرار نەبووی

ئەگەر بۆ پشوو ئەچویتە ســـەربان
بۆ گوللە سەرت ئەکرا بە نیشـــان

رێت لێ بەسترابوو ئەم ماڵوماڵکـــەی
ئەبوو هەمیشە خۆت کەرو لاڵکـــەی

هاوار بە مالم سـامی گرانـــــە

. . . . . . . . .

ئەگەر ڕێکەوت‌و ڕاپێچیــــان کردی
بەشت هەر شەق بوو یا زللـەو قامچی

. . . . . . . . . .
. . . . . . . . .

. . . . . . . . . .
. . . . . . . . . .

. . . . . . . . . .
. . . . . . . . .

نەیزانی کــــەوا کوردی قارەمــــان
لە هــــەلاکۆوە هەتا جەنگیزخـــــان

ئـــەم هۆزە کەوا فێری نـــەبەردە
ڕاهاتووی دەستی چەرخی چەپگـــەردە

سەروتی نابێ نەگا بە ئاوات
ئەگەر گیانیشی کردوە خەڵات

بەڵگەمان روونە دادگای زۆردار
چەند کەسی کوشت و زۆریش بریندار

بە گوللەی زۆردار مەحکەمەی وادی
بە پیر مەرگەوە ئەچوون بە شادی

فوارەی خوێنیان بە نووسینی جوان
ئەی نووسی بژی کوردو کوردستان

رۆڵەی دوارۆژم سەربەرزو شادبە
تا دەوران ماوە تۆ سەرفرازبە

شانازیت بکە بە مێژووی خاکت
بە پێشمەرگەی مەرد ئازاو بێباکت

لاپەڕەی مێژوو بە خوێنی گەشیان
نەیانهێشت زۆردار داگیرکا بەشیان

بۆ ئێوه جێ‌ما ئه‌م ئاوو خاکه
مه‌ردی‌و ئازادی‌و ڕه‌وشتی چاکه

شه‌ڕی ئه‌زمڕو پێنجوین ، هه‌ندرێن
هه‌تا تیشکی ڕۆژ بدا له زه‌مین

هۆی شانازی‌یه هه‌تا هه‌تایه
به‌ڵگه‌یه بۆتان بوو به سه‌رمایه

روانگه‌ی وولاتت بۆیه وا جوانه
ڕازاوه‌ی خوێنی شه‌هیده‌کانه

له کاتێ که‌وا هێرشی زۆردار
له‌ناو دێهات‌و چیاو ده‌شت‌وشار

له هه‌موو لایه‌ك بۆمباباران بوو
له هه‌موو چه‌کێ ئاگر باران بوو

له شاری هه‌ڵمه‌ت شاری قوربانی
جاسوس ئه‌کوژرا کاتێ ئه‌زانی

رۆڵەی نەبەزی کوردی قارەمان
بریار وەها بوو بە بێ کۆڵنەدان

بۆتان جێ بێڵن شانازی مێژوو
بە پیر مەرگەوە ئەچوون زوو بە زوو

نە کۆت زنجیر نە بەندیخانە
کۆڵی پێنەدان لە ڕێی کوردانا

گیانی ئازیزیان ئەکرد بە خەڵات
لە دیلی ئێوەی پێ ببێ نەجات

رۆڵەی دوا ڕۆژم مێژووت ڕەنگینە
لە بیرت نەچێ ئەم دەوری ژینە

کە چینی پێشووی تۆ تیا ئەژیان
ڕوو بە ڕووی دوژمن بێ پشوو وچان

سەربەرزی ئێوە خرابوە ناوان
ئێوەش وون مەکەن ناوو شۆرەتان

# بـۆ تـووتن

لە ئەوەڵی بەهارا تۆوی تووتن ئەچێنم
هەر وەکوو کۆرپەی ساوا بە رەنج بەرهەمی دێنم

شەتڵەکەم خڕەکە بوو لە دێراوا ئەی بێژم
لەبەر سووری هەتاوا عارەقی بۆ ئەڕێژم

ئینجا خەریکی ئەبم هەتا جوانجوان ئەڕسکێ
چەند جارێ ئاوی ئەدەم لە ووشك بوون ئەخلەسێ

هیچ نایەڵم گیاکەڵە تینو زۆری بۆ بێنێ
بەرهەمی خۆم و خێزان لە رەگ و ریشە بێنێ

ئینجا ئەکەومە بژار وەچی ئەکەم بە جوانی
هەتا بۆم بێتە کایە بە سووك و بە ئاسانی

ئینجا کاتێ پێ گەیی گەڵا گەڵا ئەیشکێنم
وەکوو ئالتونی تێزاب لە سێبەر ئەیڕسکێنم

له شاورو بێ شەمە توتنی جوانو بۆندار
بەرهەمو ڕەنجی ساڵەم ئەهێنمە ئینحیصار

کاتێ تەماشاکرا بە یەکەم بۆم دانرا
ژمارەیم بۆ کرا چەکەکەیم بۆ بڕا

ئەوسا ئەچم بۆ بازار بۆ کڕینی شتومەك
زەخیرەی ساڵ دائەنێم لە هیچم نەکەوێ پەك

سەلەمو قەرزناکەم تا ئەگاتە دوایی ساڵ
خزمەتی ووڵات ئەکەم هیچ دانانیشم بەتاڵ

لە ئاڵتوونێ زۆر باشترە توتن بۆ ئەم ووڵاتە
ئەوەی توتنەکەی باش بێ پیویستی بە خەڵاتە

# بۆ «جەمشـیدی فؤاد ئەفندی»

کە لە تەمەنی لاویدا بە نەخۆشی شێرپەنجـە
کوچی دوایی کرد

نە زامی خەنجەر نـە گوللەو تیر بوو
پەنجەی شێر پەنجە لە گەرووم گیر بوو

چاری نەکردم پزیشـکو دەرمـان
تووشی کەس نەیە دەردی بێ ئەمـان

تافی‌تـەمـەنو هیوای ڕووخـانم
چرۆی ئـامانجی لاوی وەرانـم

پەڕەی ناسکی سەرپۆپەو سـەرچڵ
بە ناکامیو کـات رۆییم بۆ ژێرگل

بابە جـارجارێ سـەرێکم لێ‌دە
هەموو رۆڵەی کورد بۆ تۆ «جەمشید»ە

مـەبـە دڵگیرو باشی بزانـە
ئـەمانە کێشـەی ڕێگـەی ژیانە

شاپەڕی باڵی پەری بوو دات لە جەرگم ئەی پەری
یا موژەی چاوی کەژاڵت بوو کە جەرگی هەڵدڕی

* * *

سەرم سووڕماوە لەم چەرخە کە بۆچی ژینی پیاوی مەرد
هەمیشە پڕ لە ناسۆرە سزایەو زامو زوخو دەرد
بە نامەردیش ئەدا سامانو ئارامێ وەها بێ گەرد
کە سەد زانا نەزانێ بۆچی وایە چەرخەکەی چەپ گەرد

* * *

خوێن فوارەی بەستوە وا دێ سەرەوخوار گیانەکەم
دیاری دڵدارە ئەمە خۆ مەرجی وایە نەی سڕی

لە ڕووی نامەرد سەرم ناکەم نەوی و شۆڕ
هەتا دام دێنە ژێر خاک و ناو گۆڕ

* * *

ئەزانی کاکە ئیمرۆ چی لەناو ئەم هۆزەدا باوە
بە شێوەو رەسمی ئیمڕۆ هەرکەسێ پارەی هەبوو پیاوە
هەزار زاناو ئازابی ژیان بەختەکەی لە ڕێی چاکە
ئەگەر پارەت نەبوو شێرت بە گوێ گرت پارەیە ناکا

* * *

شاهبازی خاکی کوردم ئێستەکەش هاوڕێی قەلان
بازو قەڵ کەی بۆتە هاوڕێ سا بڵێم چی ئەی زەمان

پێکات جەرگ و دڵ بە موژگانی ڕەش
لە برینم ئەتکێ تک تک خوێنی گەش

پێکات جەرگ و دڵ بە موژگانی کاڵ
لە برینم ئەتکێ تک تک خوێنی ئاڵ

* * *

# ژیـــــان :

سەختە ، کۆسپە ، سەرەو ژوورەیە ئەبێ تەختی کەیت
لای بەری پیا هەڵگژێی •

ـ ئاواتە ، ئامانجە ، هیوایە ، بۆی بڕۆ •

ـ سوێری‌یە ، تاڵی‌یە ، ژەهرە ، ئەبێ بیچێژی •

ـ گریانە ، هەنسکە ، ئاخە ، داخە ئەبێ بەرگەبگری •

ـ ئیشە ، ڕانەوەستانە ، ووچان‌نەدانە ، تاتوانات تیایە •

ـ چاکی‌یە ، کردەوەیە ، ڕێگەی راستی‌یە خۆی پێوە گرە •

ـ بەربەرە کانی‌یە ، کۆڵ‌نەدانە تا دوا هەناسە •

ـ پێ‌کەنینە ، رابواردنە ، هەلە ، لە کیسی‌مەدە •

ـ دلداری‌یە ، سۆزی دەروونە رام بە بۆی •

ـ باڵدارە ، تۆ بێ باڵی ، ئەبێ بیگەیتێ •

ـ هێلانەیە تیا بحەسێرەوەو پشووی تیابدە .

ـ رووناکی‌یە ، دیمەنی جوانە ، تیشکی ڕۆژە ، مانگەشەوە تێر تێی ڕوانە .

ـ رەوشتە ، خوە ، هەنگاوی گرنگە ، یارمەتی‌یە دوامەکەوە

ـ قسەی خۆشە ، پەندە ، مێژووە ، سوودی‌لێ وەرگرە .

ـ گوڵە ، گوڵزارە ، چیمەنە ، تاڤگەیە تیا رابوێرە .

ـ چەرمە سەری‌یە ، ئازارە ، ئەشکەنجەیە ، نەبوونی یە ، بەربەرەکانی‌کە .

ـ سادەیە قورسی مەزانە .

ـ خۆناسین‌و ، هاوڕێ ناســــینە ، خۆشت‌و ئەوانیش بناســـــە .

سەربەرزی‌یە ، نەوی مەکە .

ـ بڕانەوەی لە دوایە ، ڕەش‌و چڵکنی مەکە .

ـ ئابڕوە مەی تکێنە .

ـ منداڵێکە لە گڕو گاڵدایە فێری قسەی‌کە .

ـ دارێکی بەردارە میوەکەی بخۆ لق‌و پۆپی ووشـــکی بسووتێنە .

ـ ماوەی کورتە بە چاکە درێژی‌کە .

ـ ئاوێکی ڕوونە لیخنی مەکە •

ـ یاسەیەکە بە ڕێك‌وپێکی بیگرە •

ژیان : مندالی‌یە ، لاوی‌یە ، پیری‌یە ، هەوڵ‌بدە هەر لاو بیت •

* * *

١ ـ زرەی پارە ، تیشکی رۆژ ، تریفەی مانگەشەو ، شنەی شەماڵ ، ڕوانگەی جوان ، تاڤگەی سەر قەڵبەز ، شەپۆلی ئاو ، گوڵ‌و گوڵزار ، دارستانی چڕ ، کۆشك‌و تەلار ، ئەمانە هەمووی جوان‌و خۆشە بەڵام لەمانەش جوانتر بزەی سەر لێوی دڵدارەوە لەویش جوانترو خۆشتر « رزگاری »ە •

٢ ـ پیاوی راست هەڵئەنگوێ‌ت بەڵام خۆی ئەگرێتەوە • پیاوی چەوت کە هەڵئەنگووت ئەستۆی ئەبێ بە پۆل •

# قارەمانێکی هەڵکەوتوو

## (( نەریمان ))

نەریمان ، کوڕێکی هەڵکەوتووی لاوچاکی سوارچاك ، تفەنگچیەكو راوچیەکی بێ وێنەبوو لە دێی « سەردۆش »ی مەریوان .

سەرەتای پاشایەتی سلیمان پاشای بابانە کە قەڵاچوالان جێگەی حوکمڕانی بوو ، پاشا خۆی زۆر ئارەزووی ڕاوو شکاری هەبوو هەر کە بیبیستایە لە هەر کوێیەك تفەنگچیەکی باش سوار چاکێ ، راوچیەك لە خاکی بابان هەیە ئەیناردبە دوایا وە لەگەڵ خۆی ئەیبرد بۆ ڕاو بۆ تاقی کردنەوە ، وە ئەگەر بهاتابە تێچیرێکی لە چنگ دەرچوایە یا گوللەیەکی بە فیڕۆ بڕۆشتایە ئیتر پاشا لەبەر چاوی ئەکەوت .

پاشا بیستی کە لە دێی سەردۆشی مەریوان کوڕێکی لاوچاك هەیە بە پێی ئارەزووی ئەو زۆر هەڵکەوتو پێکەوتوە وە ئەو ژوورەی کەتیا ئەژی بە پێستی پلنگو وورچو ئەو جۆرە

درندانەی کە راوی کردوە رازنۆتەوە جگە لەوانەی کـە بەخشیوێتی • پاشا کە ناردی بە دوای (نەریمان)١ ، نەریمـان خولیای ڕاو لە کەللەی دەرچوو بوو کەوتبوە ئـــەوینێکی ئاگرینی « گولچین »ی کچی عبداللە بەگی سەردۆش کە یەکێ بوو لە بەگزادەکانی مەریوان • هەرچەند نەریمان کوڕێکـی هەڵکەوتوو بوو وە خۆیندەواریش بوو بـەلام زۆر دوور بوو کە کچە بەگزادەیەکی وا ناودار بدرێ بە بۆرە پیاوێکی وەکو ئەو بە تایبەتی هەندێ بێماڵیش بوو دەوڵەمەند نەبوو •

ڕۆژێك نەریمان کەڵەبـــەرانێکی لە کەژی ســـورکێو ڕاوکردبوو وە هێنای بۆ ماڵی عبداللە بەگ زۆرجار نەریمان کە ڕاوی بکردایە ماڵی عبداللە بەگی لەبیرنەئەکرد وە بـــە دیاری بۆی ئە هێنان • ئەو ڕۆژە کە ئەو کەڵەبەرانەی هێنا وا رووی دا دایکی « گولچین » چوو بوو بۆ پرسە هەر گولچین بە تەنها لە ماڵەوە بوو ( نەریمان )یش بەو بۆنەیەوە کـە جارجار دیاری ئەهێنا سەربەستیەکی هەبوو لە ماڵی میرا •

گوڵچین هات بەپیر نەریمانەوە خۆش هاتنیکرد ووتی ئەم کەڵەبەرانەت لە کوێ کوشتوە ووتی : لە چیای سورکێو •

ووتی : توخوا نەریمان تۆ راوچیەکی بەناوبانگی هیچ کاتێك رێکەوتوە کە نێرەومێیەك جووت بگرن و بێ بەزەیی تـەقەیان لێبکەی و لێکیان جیابکەیتەوە ، نەریمان ووتی خانمە جوانەکەم لە کاتێ ئەم جووتە حەیوانانە ئەبینم دلم ئەکەوێتە خـورپە وە خۆمیان لێئەشارمەوە نەوەك بسلەمێنەوە ••• بیر ئا لەم کاتەم

ئەکەم کە بە خەو بە بیرما نەئەهات دوو بـــە دوو منو تۆ بێ ئەوەی کەس لامان بێت قسەبکەین ئەگەر ئێستا یەکێ بێت چۆن دائەچلەکێم ئەو تێچیرانەش هەر وان .

( گولچین ) بە نازێکەوە ووتی : وا دیارە خولیای دلداری کەوتۆتە کەللەتمن وامئەزانی ( ڕاو ) هەموو شتێکی لە بیـــر بردویتەتەوە .

نەریمان ووتی : بەلێ ڕاو خۆشە .. پیاو لە هەندێ بیـرو پەژارە دوور ئەخاتەوە بەلام نەك پەژارەی ئەوین چونکـە ئەو ئاگرە دامراندنەوەی نی‌یە .

گولچین ووتی : وا دیارە دلت داوە بە کچۆلەیەك پێـــم نالێیت ئەو کچۆلە بەختیارە کێ‌یە کە دلی تۆی ڕفاندوە ؟

نەریمان ووتی : ئەو کچە جوانە ئەگەر ناوی بهێنم ئەترسم زمانم ببڕن ... من کەوتومەتە ئەوێنێکەوە کە هیچ هیوام نی‌یە وە نازانم سەرئەنجام ئەیبا بۆ کوێ . نازانـــم مرۆڤ بۆچی وا دروست کراوە !! یەکێ بەگ ، یەکێ ئاغا ، یەکێ شـێخ ، یەکێ بۆرەپیاو وەکو من خۆ هەرچەند بیر ئەکەمەوە من هیـچ شتێکم لەوان کەمتر نی‌یە بەلکو لەگەلێ شتا لەوان زیاتـــرم تەنانەت نینۆکێکم لەوان کەمتر نی‌یە .

کـــەچی بۆ ئێمە نابێت لـــــەوان ژن بێنین ، کچی ئێمەش بۆ ئەوان بێ بایەخە .

گولچین ووتی : ئەوەی تۆ ئەیلێیت لای نەفامان وایـــە ئەگینا مرۆڤ هەمووی وەکو یەك دروستکراوە هیـــــچ

جیاوازی یەك نی یە لە ناویانا کردەوە نەبێ • ئەگینا کوڕوکچ کە دڵیاندا بە یەك دوای تاقی کردنەوە کە یەك و دوویان ویست هیچ شتێك نی یە بێتە کۆسپی ڕێگەیان •

نەریمان کە ئەم قسەیەی بیست وەکو گوڵ گەشایەوە ئینجا « گوڵچین » ووتی : ئەو کچەی دڵی تۆی ڕفاندوە کێیە پێم نالێیت بەڵکو بتوانم یارمەتی یەکت بدەم •

نەریمان هەناسەیەکی هەڵکێشا ووتی : گوڵچین ••• گوڵچینی جوان تۆ هیچ گوێت لە خورپەی دڵی من نی یە ؟ وە ڕەنگی هەڵبزڕکاوم نابینی ؟ هەر وەکو بەرامبەری ڕۆژ وەستابم هەر وەکو لە ڕووی جوانترین شێوەیەکا کە کردگاری گەورە بەرهەمی تواناو دەستەڵاتی بێ •

بەڵام من لە کوێ و تۆ لە کوێ ؟! ( نەریمان )ی ڕاوچی بۆرەپیاوی بێ ماڵ لە کوێ و « گوڵچین »ی کچی عبداللە بەگ لە کوێ ؟! وەکو ئەوەیە ئەستێرەکانی ئاسمان بە کەمەن بێنە خوارێ •

گوڵچین ووتی : نەریمان من ئێستا هەرچەند دڵم بۆ هیچ لاوێك لێی نەداوە نازانم دڵداری چی یە ؟! بەڵام ئەوەندە هەیە کە ناوی تۆ دێتە گوێم وە یا بە خەیاڵما تێ پەڕ ئەبێ •• دڵم بە گورجی لێ ئەدا جا نازانم ڕەنگە ئەمە ( دڵداری ) بێت چونکە تۆ زۆر بە جیاواز ئەبینم لە وانەی دەورو پشتم و دێنە بەرچاوم ••• بڵێی ئەمە ئەوین بێ ؟ منیش لەوانە نیم مل کەچ کەم بۆ کەس وەکو ماڵات بکڕێم و بفرۆشرێم ••• خۆم چ لاوێك

شایستە ببینم بە خۆم شووی پێ ئەکەم وە ئێستا تۆ لـــــە ژێرچاودێریدایت ، ئەگەر تواناو دەستەلاتێکت نیشـــــانداێ شایستەی ئەوە بێت ببێت بە هاوڕێی ژیانی من ، بۆ ئەو ئامانجە هەموو کۆسپێ تەخت ئەکەم •

نەریمان کە ئەم جۆرە قسانەی لە گوڵچین بیسـت ووتی : خوایە خەو ئەبینم ؟ گوڵچین ئەڵێیت چی ؟ تۆ ئەڵێیت کۆسـپ تەخت ئەکەم بۆ ئەم ئامانجە ؟ نەریمان کەوتە خەیاڵو خولیـــاوە هیچ هۆشی نەما بەخۆی هەروا لەبەر خۆیەوە ئەی ووت کـــات گەییوەتە ئەو کاتە جیاوازی نەمێنێ مێشك ئـــەوەندە ڕووناك بۆتەوە ( گوڵچین )ی کچی عبداللە بەگ شووبکات بـــــە بۆرەپیاوێکی وەکو من •

جاران شێرت بە گوێ بگرتایە •• خوێن لـــــە نووکی پێنوس بتکایە •• لەئازایی‌و شۆخی‌و قارەمانی‌و لەشـــکر شکێنیا وێنەت نـــەبوایە هەر وەکو مسکێن بویت ئـــەوا ( گوڵچین )یش دڵێ دا بە من ئەبێ ڕۆژێ هەڵێك ببینم کە بتوانم داوای بکەم ، هەر لەبەر خۆیەوە ئەم قسانەی ئەکرد هۆشـــی نەمابوو کە ( گوڵچین )ی خۆشەویستو ئازیز بەرامبـــــەری راوەستاوەو گوێی لە قسەکانێتی • ئینجـــا گوڵچین ووتی : چی‌یە ؟•• وا کەوتویتەتە ئەم گێژاوی خەیاڵو بیرکردنەوەیـــە ؟ ئەوا من مژدەیەکت ئەدەمێ کەوا بۆ تۆ هەلەو لە کیسی مـــەدە ،

ئیمشەو کاغەزێکی سلیمان پاشای بابان لە قەڵاچوالانەوە بۆ باوکم هاتوە وە بیستوویەتی کە تۆ کوڕێکی هەڵکەوتوو راوچیەکی بێ وێنەیت داوای لە باوکم کردوە کە تۆ بنێری بۆ لای پاشا وە وەکو زانیومە (پاشای بابان)یش زۆر پیاوێکی باش‌و دڵنەرم‌و بە بەزەییە وە ئەو لاوانەی زۆر خۆش ئەوێ کە ئیش لە دەست‌هاتوون ... تۆش لەوانەیت کە ئەو ئارەزوو ئەکات، وە ئەگەر بێت‌و کە چوویتە ئەوێ بە کردەوەو خوو رەوشتی جوان‌و ئازایەتی جێ‌گیر بێت لە دڵی پاشادا لەوانەیە پاشا خۆی خوازبێنی منت بۆ بکات وە باوکیشم ناتوانێ سەرپێچی لە قسەی ئەو بکات، کاتێ نەریمان ئەم قسانەی هاتە گوێ وەکو ئاوی ژیان بخواتەوە .. وەکو بووبێتە سەرۆکی هەموو وولات . سەری هەڵبڕی‌و ووتی :- (گوڵچین) گیان پەیمان بێت پەیمانی کوڕە کوردێکی بە پەیمان ئەوەی لە توانامابێت بیکەم بۆ ئەوەی تۆ بە چنگ بێنم کێو لەبن بێنم بەربەرە کانێ بکەم دلێری بنوێنم، لەشکر بشکێنم، بۆ پاشا راست‌و پاك بم وە رێگەی وولات‌و نیشتمان وە لە راستی دڵداری پاك‌و بێ‌گەردو بێ وێنەی تۆدا وە بزەیەکت بە تاجی شاهی نەگۆڕمەوە ئەگەر ببم بە پاشای جیهان، هەر نەریمان بم کۆیلەی وولات‌و نیشتمان وە حەوت کوڕیشمان بێ ئەوێنی ئاگرینی تۆ وەکو ئاگری پیرۆزی زەردەشتی مەزن هەر لە بڵێسەدا بێت .

ئینجا نەریمان بە ڕووی گەش و ڕووناك بە ڕووی خۆش لە یەك جیابوونەوە ، کاتێ نەریمان گەیشتە ماڵەوە ئەوەندەی پێ نەچوو هەڵۆی پیاوی عبدالله بەگ هات بە دوایا ووتی بەگ بانگت ئەکا ، ( نەریمان )یش لەوەو پێش بیستبووی کەوا پاشای بابان داوای کردوە • هیچ خۆی نەشڵەژان دوای هەڵۆ کەوت کاتێ گەیشتە دیوانی عبدالله بەگ بەسەر بەرزیەکەوە سڵاوێکی کرد ووتی : میرم فەرموو •• عبدالله بەگ زۆر بە ڕووی خۆشەوە کە جاران وا نەبوو خۆش هاتنی کرد ووتی : کوڕم من هیچ ئارەزووم نەئەکرد کوڕێکی وەکو تۆ هەڵکەوتوو لە ئاوایی یەکەمان بڕوات بەڵام هیچ دەستەڵاتێك نی یە ، پاشای بابان نامەی بۆ ناردووم کە تۆی بۆ بنێرم چونکە هەواڵی پێ کەوتوویی تۆ وە ڕاوچێتی تۆی بیستوە ئێستا ئێمە ناتوانین سەرپێچی ئەمری پاشا بکەین ئەبێ بچی بۆ قەڵاچوالان وە ئەگەر پاشا هەواڵی ئێمەی لێ پرسیت بە چاکە ناومان بێنە چونکە پاشا زۆر قینی لە زۆردارە وە هەر پێویستیەکت هەیە من ئامادەم بۆت جێ بەجێ بکەم وە موتمانەت بێ زۆر چاودێری ( مام ڕۆستەم )ی باوکت و ( پیرۆزەی ) دایکت ئەکەم دڵت لەلایان نەبێ •

نەریمان ووتی : میرم ئەگەر لە قەڵاچوالان لە جێگەی پاشاش دابنرێم هەر ئاوایی خۆمانم لا خۆشترە چونکە لێی هاتوومەتە دنیاوە و چاوم پیاهەڵهێناوە گوێم تیا کراوەتەوە ،

زمانی تیا پڕاوه ئارەزووی بەجێ هێشتنیم نەبوو ، هەر چەند یە
لەش لێرە ئەڕۆم بەڵام دلم هەر لێرەیە • بە ناچاری ئــــەبێت
سەرپێچی لە ئەمری پاشای بابان نەکەین هەر وەکو ئەو شــەو
و ڕۆژ بۆ بەرزی هۆزو تیرە تێ ئەکۆشێ ئێستایش خــۆم ئامادە
ئەکەم ، بەیانی لە دەشتی پێنجوین و قزلجەوە بەرەو ولیـــاوە
روو بکەمە قەڵاچوالان وە ئامادەم گیانم بەخت بکەم لە ڕێگــەی
وولات و سەرۆکی وە هیوادارم ئەم چوونەم ببێ بە هۆی ناوێك
بۆ ئاوایی سەردۆش و خوێشان و ( میر ) یش •

عبدالله بەگ ووتی : ئافەرم ڕۆڵەی خۆشەویستم پیـــاوی
ئازا قسەو کردەوەی هەر ئازایانەیە • ئینجا نەریمان هــەر بەو
خولیایەوە کە لەلای پاشای بابان کردەوەیەکی بەرز بنــوێنێ
شایستەی ئەو بێت بتوانێ ( گوڵچین ) داوا بکا ئەو شــەوەی
بەسەر بردو ڕۆژی دوایی خۆی پۆشتەو پەرداخ کرد هەر لــە
پێستی پلنگ و ورچ و ئەو درندانەی کە ڕاوی کـــــردبوون
بارگەیەکی بچووکی ڕێك خست ، خۆشی سواری ئەســـپە
کوێتەکەی بوو ڕووی کردە ماڵی عبدالله بەگ کە خوا حافیزی
بکات وە ئەگەر دەرفەتیشی هەبێ چاوێکی بـــە ( گوڵچین )
بکەوێ •• کاتێ کە هاتە ماڵی عبدالله بەگ میــــر بە ڕووی
خۆشەوە خۆش هاتنی کردو ووتی ڕۆڵە خۆت ئامادە کردوە ؟

ووتی : بەڵێ ، ئینجا عبدالله بەگ نامەیەکی جوانی بۆ پاشا

نووسی وه به ( نه‌ریمان )ی ووت ئه‌وا تۆ ئه‌چی بۆ قه‌ڵاچـوالان

شه‌وو ڕۆژ هاوده‌می پاشا ئه‌بی ئێمه‌ت له بیر نه‌چێت ..

ووتی : میرم ئێوه‌و ئاوایی سه‌ردۆش مردنیش لـــه بیرمی

ناباته‌وه .. ئه‌گه‌ر ڕێگه هه‌یه خواحافیزی له ئاغاژنو گوڵچین

خانم‌ئه‌که‌م .. نه‌ریمان ڕووی کرده ماڵه‌وه ، دوای ئـــه‌وه‌ی
هه‌ندێ له‌گه‌ڵ دایکی گوڵچین قسه‌ی‌کرد ئینجـــا چاوی بڕی‌یه
چاوه‌جوانه‌کانی گوڵچین‌و ووتی : خانمه جوانه‌که‌م ئه‌وا ئه‌ڕۆم
هیوام وایه ڕه‌وشتی باش‌و قسه‌ی خۆشتان بێنه گوێ له بابه‌ت
منه‌وه وه من هه‌ر به‌و هه‌وایه ئه‌ژیم که له‌لای ئێوه‌وه دێت .

گوڵچین ووتی : ئه‌ڕۆیت خوات له‌گه‌ڵ تۆ وه‌کـو ئاڵتوون

وا بویت‌و له ژێر خۆڵا شارابویته‌وه کاتی ده‌رکه‌وتنت هـــاتوه

سه‌ردۆش بۆ تۆ سوودی نی‌یه ، تۆ ئه‌بێ هاوڕێی گـــه‌وره‌و

پاشاکان بیت ، دڵنیام که به ئامانج ئه‌گه‌یت وه زوو بـــه زوو

یه‌ك‌و دوو ئه‌بینینه‌وه ، برۆ خوات له‌گه‌ڵ . ئینجا نه‌ریمان سوار

بوو به نه‌رمه‌غار روه‌و پێنجوین‌و ده‌شتی قزلجه‌و شاخی ولیـاوه

ڕووی کرده قه‌ڵاچوالان .

نەریمان بەدەم نەرمە غارەوە ئەی ووت :

گیانە وا ئەڕۆم بۆ قەڵاچوالان

ڕوو بە ڕووی ئامانج لای پاشای بابان

گیانم بەختئەکەم لە ڕێی نیشتمان

بە جێی ئەهێنم پێویستی سەرشان

( پەیمانم کردوە لەگەڵ گوڵچین خان )

کاتێ گەیشتە قەڵاچوالان ناوی خـــۆی ووتو بردیان بۆ بارەگای پاشا .. زۆر بە ئەدەبەوە چوو دەستی پاشای ماچکردو ووتی : میرم کۆیلەیەکی نیشتمان و سەرۆکی (کوردســـتان)م ، پاشاهەر لە ڕێگەوە چوە دڵیەوە .. فەرمانیدا جێگەیـــــەکی تایبەتی بۆ جیاواز بکەن یەك دوو ڕۆژێ پشوو بدات ئینجـــا ڕاوێکی جوان دابمەزرێنرێ ...

کات بەهارە چیاو دەرو دەشت خەرمانەی گوڵی هـــەڵداوە بە هەر لایەکا چاو ئەگێـــڕی وەکو باسکی بەهەشـــــت

رازێنراوەتەوە . ئەو ڕۆژە پاشا فەرمانی دا خێوەت و بارەگا ئامادە بکرێت و ڕوو بکەنە دەورو پشتی دێی ( مەلکەندی ) کە ئەوسا دێیەك بوو لە ناوچەی شاری سلیمانی ی ئێستا ... وە جێگەی شاری سلیمانی ئێستا بێشەو چەم و چڕ بوو وە زۆر ئاودار بوو نزیکی پەنجا تا شەست کانی وەکو فرمێسکی عاشق لەم مەلبەندە هەڵئەقوڵا پاشا بە خۆی و دەستەو دائیرەیەوە ڕووی کردە جێ ڕاوگە ، خێوەتی پاشایان لە گردی سەیوان هەڵدا ( هەربەو بۆنەیەوە کە ئێستا پێی ئەڵێن گردی سەیوان ) ڕاو دامەزرێنرا سوارەو پیادە ، پاشا ڕووی کردە نەریمان و ووتی : ڕۆڵە ئێمڕۆ تۆ سەر ڕاوی ئەو ڕۆژە ڕاوێکی زۆر خۆش کرا زۆر نێچیرو پەلەوەر ڕاوکرا وە بە چنگ هات پاشا زۆر کەیف خۆش بوو ... لە دەمەدەمی ئێوارێدا لە چڕێکی دەوری جوولەکانی ئێستا ( یەکانە ) یەك زامار کرابوو وە مانی گرتبوو ، هەر سەگ و وولاخێ ئەچوو بە لایا بە شەفرەیەك یەکالای ئەکردەوە ، پاشا لە دامێنەوە بوو بە تەنیا سوارە نەیزانی کە ئەم یەکانەیە مانی گرتوە لەوێوە هات هەتا هاواریان لێ کردو وریای خۆی بێت ، یەکانە دای لە گەدەی ئەسپی پاشا ، پاشا سەرەو ژێر بوو وە کەوتە مەترسیەکی گەورەو سامناکەوە ، لەم کاتەدا کە نەریمان چاوی لەم کارەساتە بوو وە لەشکر واقی وورمابوو بە تاو هەڵی کوتایە سەر یەکانەکە لەسەر قەلبۆزی زینەوە خۆی فڕێ دایە سەر پشتی بەرازەکە ، بە دەستی چەپی گوێی بادا بە ڕاستی دایە بەر خەنجەر وە

بەرازی بلیسانەوە وە پاشای لە مەترسی ڕزگارکرد بە یەکجار ئافەرین لە نەریمان کرا لە هەموو لایەکەوە سوارەو پیادە دەوری پاشایان گرت کەوتنە مێچکە مێچکە ( نەریمان )یش وەکو هیچی نەکردبێ لە دوورەوە وەستا ، پاشا کە هاتەوە سەرخۆی ڕووی تێ کرد ، ووتی : ڕۆڵەی شیرینم وەرە پێشەوە تۆ ئیمرۆ گیانی منت لە مەرگ ڕزگارکرد شانازی ئەکەم لە وولاتماکە ڕۆڵەیەکی وەکو تۆی تیایە ، سوپاس بۆ یەزدان کە قارەمانێکی وەکو تۆ لە من نزیک بووەوە • پێم بڵێ ئامانجت چی‌یە ؟ نەریمان ئینجا هاتە پێشەوە ووتی : گەورەم من هیچم نەکردوە کەوا گرنگ بێت ، ئەمە پێویستی سەرشانی هەموو لاوێکی کوردە کە گیانی بەخت‌کات لە ڕێگەی کوردستانو سەرۆکی‌دا •

هەر لاوێکی کەی کورد وەکو من نزیک‌بوایە وە بی‌بینیایە کە گیانیَ پاشای مەزنمان کەوتۆتە مەترسی‌یەوە ، ئەو ئیشە بچووکەی من کردم ئەی‌کردو زیاتریش وە ئامانجیشم گیان بەخت‌کردنە لە ڕێگەی وولاتو نیشتمانو سەرۆکی‌دا • وەنە هێشتنە کە بێگانە سەرسنگی ڕەنگاوڕەنگی دایکمان کە وولاتەکە پێی پیسی چەپەڵی‌کاتو سەرشۆڕمان نەکات ••• گیان بۆچی‌یە ؟ کە مرۆڤ دیل بێتو ئازاد نەبێت •

پەیمان بێت هەتا دوا تکەی خوێنم

هیچ پشوو نەدەم تۆلە بسێنم

ئێمە شانازی بە شایەکی وەکو تۆوە ئەکەین کـــــە گیانی تەرخان کردوە بۆ بەرزی وولات • کاتێ پاشا ئەم قسە جوانانەی بیست لە نەریمان هاتە پێشەوە ناوچەوانی مەردانەی مـــاچ کرد ووتی : خۆزگە کچێکم ئەبوو هەر ئێستا پێشکەشم ئـــەکردی وە ئەم کردیت بە کوڕی یەکجاری خۆم •

نەریمان ووتی : قوربان هەموو کوڕانو کچانی کوردستان کوڕو کچی تۆن ، ئەگەر پاشا لوتفی لەگەڵ کویلەی خـــۆی هەبێت یەکێ لەو کچانە کەوا دڵی منی ڕفاندوە پێم ئەبەخشێ بۆ ئەوەی هەتا ماوم لە خزمەتی یا فیداکاری بکەم •

پاشا ووتی : ئەو کچە کێیە ؟

ووتی : قوربان کچی عبداللە بەگی سەردۆشە •

پاشا ووتی : خۆم ئەچم بۆ خوازبێنی ، ئادەی کـــوڕە ڕاو بەتاڵە •

ئەو ڕۆژە گەڕانەوە بۆ قەڵاچوالان وە خۆیان ئامـــادەی ڕۆیشتن‌کرد بۆ سەردنۆش وە خەبەر درا کەوا پاشای بابان بـە میوانی دێ بۆ ئەوێ •

عبدالله بەگ زۆر پێی خۆش بوو ووتی :

( دار پیر ئەبێت جارێك باز بەسەری‌یەوە ئەنیشێتەوە )

چ بەختیاری‌یەکە خوا ڕووی تێ‌کردووم کە پاشـــا دێت بە میوانیم •

عبدالله بەگ خۆی ئامادەی میوان‌داری کرد وە هـــەموو سوارەی نەبەزی ( مەریوان )ی کۆکردەوەو چوون بە پیـــر پاشاوە ، بە ڕم‌بازی‌و تەقەکردن هەر لە پێشەوە کرا بە شـــایی ، پاشا کاتێ گەیشتە بەرەوە دڵنەواییەکی زۆری ئەو ناوچـــەیەی کرد وە خەڵاتی‌کردن ، خەرج‌و باجی کەم‌کردنەوە ئینجـــا ڕووی‌کردە عبدالله بەگ ووتی : ئەزانی بۆچی هاتووم ؟

ووتی : قوربان هاتنی تۆ هۆی سەربەرزیمانە •••

لەسەر تۆ فەرمان‌و لەسەر ئێمە سەردانان •

ووتی : عبدالله بەگ نەریمان گیانی منی لە مـەرگ ڕزگار کرد ئەگەر کچێکم هەبوایە پێم ئەبەخشی بـەڵام ( گولچین )ی کچت کە هەر کچی خۆمە وە ( نەریمان )یش کوڕی خۆمە ئەگەر بەرهەڵستیەك نیٚیە هاتووم بۆ خوازبێنی بۆ کوڕی خۆم کـە ( نەریمان )ە ..

پاشا هەموو کارەساتی بۆ گێڕایەوەو عبدالله بـەگ ووتی : قوربان کچی خۆتە بە کێی ئەبەخشی خۆت خاوەنی .

بەم جۆرە ئەم دوو دڵە پاکە بەیەك گەیشتن وە شـاییەکی خۆشیان بۆ کراو بەخۆشی گەڕانەوە بۆ قەڵاچوالان . پایتەختی بابان ..

« تەواو بوو »

# شەڕی «بابان»و «ڕۆم»

لە سالی ( ١٧٧٧ )ی زایینیدا لە دەوری پاشایەتی ئیبراهیم پاشادا ، نازەنین‌و بارام هەر یەکە لە تەمەنی ١٣ سالەییا بوون وە هەر لە مندالی‌یە وە بە یەکەوە لە قوتابخانە ئەیان‌خوێند •

نازەنین کچێکی جوان‌و شیرین ، بە دەستی گەورەی یەزدان لەو پەڕی جوانی‌یەوە هاتبوە دنیا ، قژێکی زەردی ئالتونی هەرکاتێ شانەی ئەکردو پەخشان ئەبوو کوڵکە زێڕینەیەك بوو ئەت ووت ئەمە فریشتەیەکە لە بەهەشتی بەرینەوە هاتۆتە سەر زەمین •

چاوێکی گەش‌و پرشنگ‌دار برژانگێکی پڕو درێژ کە ئەڕژایە سەر ڕوومەتی لاوی ئەپساند •

« پێ‌کات جەرگ‌و دڵ بە موژگانی ئاڵ

لە برینم ئەتکێ تك تك خوێنی ئاڵ »

سەرگوڵەی هەندێ ئاڵ هەر وەکو سێوە لاسوورەی سەردەشت ، باڵایەکی ڕێکوپێک ، نە قەڵەوو نە گۆشتن هەر لاوێ چاوی پێ بکەوتایە نیمچە تای دڵداری هەموو ئەندامی دائەگرت وە شا دەماری دڵی دائەلەرزاند وە ئەوینی بە سۆزی ئاگری کلپەی ئەسەند ، ئەم کچە نازدارە کچی یەکێک لە پاشاکانی بابان بوو ٠

( بارام )یش کە لاوێکی هەڵکەوتوو پێکەوتوو بوو چوستو چالاک ، هەر چەند بە تەمەن منداڵ بوو بەڵام باوکی هەر لە منداڵییەوە فێری میل بازیو زۆرانو سوارچاکیو تیرئەندازی کردبوو ، ئەمیش کوڕی میران بەگی سەر لەشکری پاشای بابان بوو ، هەتا ئەم کاتە نازەنینو بارام بەیەکەوە بوون چ لە قوتابخانە و چ لە ڕێگەوبان یەکو دوویان ئەبینی ٠ کە هەندێ گەورە بوون پاشا ڕێگەگری کرد لە هاتنەدەرەوەی نازەنین ، بۆ دوا جار کە یەکو دوویان دی لە ژێر دار گوێزەکەی قەڵاچوالانا کە پایتەختی بابانەکان بوو بەم جۆرە دووان :

بارام ووتی : ئێمە لە منداڵییەوە بە یەکەوە ئەژین وەکو براو خوشک بووین بەڵام ئێستا کە پاشا فەرمانی داوە بە جیاوازیمان هەست بە شتێکئەکەم کە لەمەوبەر نەمکردوە ٠٠٠ هەمیشە دڵەخورپێمە ، کە ناوی نازداری تۆ دێتە گوێم دائەلەرزم ، جا نازانم ئەمە کلپەی دڵدارییە یان نا ؟

نازەنین ووتی : منیش هەر وەکو تۆم بەلام ئێمە دوا رۆژی خۆمان ئەدەینە دەستخوا ... فرمێسك هەر وەكــو مرواری بەسەر گۆنای بێ گەردیا هاتەخواریێو ووتی : بەلێ بارام گیـان ئەوە خورپەی دلداری یە ، منیش هەر وەکو تۆم .

بارام ووتی : هەر وەکو دلم خەبەر ئەدا بەم زوانـــــە کارەساتێکی گرنگ روو ئەدات ، جا نازانم دوارۆژی ئێمە بـــە چی ئەگات .

دوو ، سێ سال بەسەر ئەم کارەساتە دا تێ پەڕی کـــرد نازەنین بەندی زۆر لە مالی پاشا ( بارام )یش بێ ئارامو هیـچ کاتێ وێنەی نازەنین لەبەرچـــاوی وون نەئەبوو وە هـــەر دوکیشیان هەر ئەو ڕۆژە لە بن دار گوێزەکەدا بـــەلێنی پاکو خوێنیاندا بە یەکتر کە تا گیان لە بەدەنیانا بێ یـــەکو دوو فەرامۆش نەکەن ، یا بۆ یەك بن یا بۆ گل .

بارام ڕۆژێکیان لە ڕاو بوو لە شاخی سەرسیر لـــە پشتی چوارتا بە دووربین سەیری قەلاچوالانی ئەکرد ، کەلە بەراتێکی کوشتبوو خەریك بوو هەندێ گۆشت ببرژێنێ کـــە روانی وا قەلاچوالان قەلەبالغە خورپە کەوتە دلی یەوە چونکە کە هـــات بۆ ڕاو باوکی هەندێ نەخۆش بوو بە پەلە گەڕایـــەوە بینی لەشکرێکی زۆر سوارەو پیادە کۆبۆتەوە ، ڕووی کـــردە مالی

خویان دی باوکی لەسەر جێگە کەوتوە ، کـە بارامی دی ڕوون بوەوە ووتی : کوڕم وەرە پێشەوە ، کـــە بارام نزیك باوکی بوەوە ووتی : ڕۆڵە ( ٢٠ ) ساڵە سەر لەشـــکری پاشای بابانم هەتا ئێستا لەشکری دوژمن نەیتوانیوە پێبنێتە سنوورمـــان ئەوا ئێستا ئەڵێن ( ڕۆمی ) لەشکرێکی گرنگی هێناوەو گەیوەتە نزیك ( دەربەندی بازیان ) خۆ ئەبینی ئەوا من پیرو نـەخۆش ، بێدەسەلات لەسەر جێگە کەوتووم وە لە بنەماڵەی ئێمە هـەر تۆمان هەیت کە هۆی هیوابی خۆتو شیرت هەر ئێستا بەنـد مەبە بڕۆ بۆ لای پاشا چونکە بەیانی پاشا لام بوو زۆر بـــە داخەوە بوو کەوا من ئەسیری سەر جێگام وە ئەیووت : ئەگەر تۆ ئێستا گوڕی جارانت ببوایەو سەرکردەی لەشکر بویتایـە دڵنیابووم کە بەسەر دوژمنا زاڵ ئەبوین بەڵام ( میران بەگ )ێکی کە لە کوێ بێنم خوا هاوار ... ئەمە قسەی پاشـــا بوو ، مەوەستە بڕۆ بۆ لای پاشا بڵێ کوانووی ئێمە کـوێر نەبۆتەوە باوکم نەخۆش‌و پیرە ، من لاوو بەگوڕم هەتا دواتکەی خوێنـم لە ڕێی وولات‌و نیشتمانا بەخت ئەکەم منیش کوڕی ئـــەو شێرەم .

بارام هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی : بابەگیان فەرمانـــت لەسەر سەرم ڕۆیشت ، ڕووی کردە کۆشـــکی پاشا .. دوای ئەوەی بەرگی جەنگی پۆشی زرێو کـــڵاو زرێ ، شیرو ڕم‌و قەڵغان ، لە ڕێگە هەرکەسێ چاوی پێئەکەوت ئەیووت ئەمـە

ئەبێ ئەوەی میران بەگ بێ ٠

بارام چوو بۆ لای پاشا بە ئەدەبەوە سڵاوێکی کرد ، پاشا کە چاوی پێکەوت زۆر دڵی ڕوون بوەوە ووتی : ما شا اللە ئەبینم شوێنی میران بەگ روونەو خاڵی نیە بە پشتیوانی یەزدان لەم شەڕەدا سەرئەکەوین ٠ جا ووتی : کوڕم ڕەنگە بیستبێتت کە دوژمن هێرشی هێناوە بۆ سنوور ئەوا لە هەموو لایەکەوە لەشکرمان کۆ کردۆتەوە لە بیری ئەوەدا بووم کە سەر لەشکرمان میران بەگ نەخۆشە وە بێ سەرلەشکر ماوینەتەوە یەکێ هەڵبژێرم لە شوێنی ٠ ئێستایش هەرچەندە ئەبێتە هۆی دڵگیری گەلێ لە سەرکردەکانی سوپا بەڵام بڕۆ لە شوێنی باوکت سەرلەشکرێتی لەشکر بگرە دەستبینم چ کوڕێکی ، ئەگەر بە ڕاستی وەکو باوکت دلێری و نەبەزی و ئازایەتی و مەردایەتیت نواند ئەوا جێگە جێگای خۆتە ، خۆ ئەگەر خوا نەخواستە بە پێچەوانەی ئەمانە بوو ناچارم ئەبێ سەر لەشکرێ لە شوێنی باوکت دانێم ٠ بارام کە ئەمەی لە پاشا بیست وەکو گوڵ گەشایەوە وە گەڕایەوە کارەساتی بۆ باوکی گێڕایەوە ، باوکیشی ووتی : رۆلە گیان ، گیان بەختکردن لە ڕێی وولاتا ئەوپەڕی بەرزی و شەرەفە هیوامە ئەم ئەرکە گرانە زۆر بە باشی بەڕێوە بەری ئینجا بارام ووتی :

بابە ئەو گیانەی وا لە بەدەنم
مەرجە بەختی کەم لە ڕێی وەتەنم

ئینجا میراڤ بەگ ڕوونبوەوە ووتی : بە ڕاستی کوڕی منی •• بارام هەر لەو ئاواتەیا بوو کە پێش ئەوەی بڕوا بۆ ئەم ئەڕە چاوێکی بە نازەنین بکەوێ نەك نەگەڕێتەوەو دیار ئاخر بین •

ڕۆژێ کە لەشکر بڕیاری ڕۆیشتنیدا پاشا ( نازەنین )ی بانگ کرد ووتی : ڕۆڵە ئێمە ئەڕۆین بۆ شەڕێکی بێ سامان تۆیش کە برازاو خۆشەویستو لە خوێنی منی وە ئێستا ئێمە ئەڕۆین بۆ شەڕ ڕەنگە زۆرمان نەگەڕێینەوە ، خۆت ئەزانی ( میران بەگ )ی سەرلەشکرمان نەخۆشە بڕیارماندا ( بارام )ی کوڕی لە جێگەی دابنێین ، ئێوەش هاوڕێی منداڵیو قوتابخانەی ئەوون تکات لێ ئەکەم ئەم نیشانانە کە هی سەر لەشکرێتی یە بە دەستی خۆت بیکە بە بەرۆکیا • نازەنین زۆری پێخۆش بوو ووتی : بابە بە چاوان •

لەکاتێکا لەشکر ویستی لە قەڵاچوالان دەرچێ بارام هەر لەو ئاواتەدا بوو کە چاوی بە نازەنین بکەوێ ڕووی کرد بۆ کۆشکی پاشا ڕوانی لەشکر لەبەردەمی ماڵی پاشا ڕیزبوەوە ( بارام )یان بانگ کرد دی کەوا نازەنین لەسەر کورسی یەك دانیشتوە وە هەرچی نیشانەیەکی سەرکردەیی لەشکر هەیە لەسەر سینی یەکی زیوین لەبەر دەستی یایە ، ( بارام )یان هێنایە پێشەوە یەکە یەکە بە دەستی خۆی کردی بە بەرۆکی یا • بارام هەر

وەختە بوو لە خۆشی‌یا باڵ بگرێ ، کاتێ نیشانەکانی ئەکرد بە بەرۆکی‌یا بە چپە ووتیان : « هەر لەسەر بەڵێنی خۆمانین » .

لەشکر کەوتە رێ بەرەو بازیان کاتێ لەشکری ( کورد ) و ( رۆمی ) بەرەنگاری یەك و دوو بوون شەڕێکی گرنگ رووی‌دا وە لە هەر دوولا کوشتارێکی زۆر بوو ، بەڵام لە لەشکری بابان زۆرتر چونکە ( رۆمی ) یەکان تۆپەکانیان لەسەر کەلی بازیان ئەمبەرو ئەوبەر دابەستبوو ، لەشکری بابانیان شپرزە کردبوو لەوانە بوون بشکێن بارام بیری کردەوە ئەگەر ئەم تۆپانە نەگرێ کارخراپە ئینجا هات دوو دەستە لاوی هەڵکەوتوو قارەمانی هەڵبژارد هەر یەکە بۆ لایەکی شاخەکە ، وە لە نیوەی شەودا ئەم قارەمانانە دزەیان کرد وە هێرشیان برد لە یەك کاتدا ، هەر دوو دەستە تۆپەکەیان داگیر کرد . بۆ بەیانی ئەو رۆژە کە لەشکری پاشای بابان نیازی کشانەوەی هەبوو ڕوانیان تۆپ بێ دەنگە وە ئاڵای بابان لەسەر هەردوو لوتکەی شاخی دەربەندی بازیان هەڵکراوە . ئینجا بارام گەڕایەوە بۆ لای پاشا وە ئەم خەبەرە خۆشەی دایە ، پاشا ناوچەوانی ماچ کرد ووتی : بە ڕاستی کوڕی میران بەگی . ئینجا کەوتنە سەر لەشکری شکستەی رۆمی . گەلێ چەك و زەخیرەو دیلیان لێ گرتن ، کاتێ گەڕانەوە نەخۆشی میران بەگ گران بوو بوو ، ئەوەندی پێ نەچوو کۆچی دوایی کرد . وە بارام بە یەکجاری لە جێگەی باوکی دانرا وە ناو نرا .. « قارەمانی بەردە قارەمان » .. ئەو

بەردە قارەمانەی کە لە دەربەندا ( شێخ مەحموودی نــەمری لەژێرا دیل کرا ) •

ئینجا دوای ئەم کارەساتانە پاشاو بارام ڕۆژێك هــاتن بۆ ڕاو وە پاشا خێوەتەکەی لە گردی سەیوان هەڵداو بڕیاریان دا کە پایتەخت لە قەڵاچوالانەوە بگوێزنەوە بۆ سلەیمانی وە شایی ( نازەنین )و ( بارام ) لە سلیمانی بگێڕدێ •

بەم جۆرە ئەم دوو دڵەپاكو خاوێنە بەیەك گەیشتن •

# شەڕی «بابان» و «ڕۆم»

لە سالی (١٧٧٧)ی زایینیدا لە دەوری پاشایەتی ئیبراهیم پاشادا، نازەنین و بارام هەر یەکە لە تەمەنی ١٣ سالەییا بوون وە هەر لە مندالییەوە بە یەکەوە لە قوتابخانە ئەیانخوێند.

نازەنین کچێکی جوان و شیرین، بە دەستی گەورەی یەزدان لەو پەڕی جوانییەوە هاتبووە دنیا، قژێکی زەردی ئالتونی هەر کاتێ شانەی ئەکرد و پەخشان ئەبوو کۆلکە زێڕینەیەک بوو ئەت ووت ئەمە فریشتەیەکە لە بەهەشتی بەرینەوە هاتۆتە سەر زەمین.

چاوێکی گەش و پرشنگدار بژانگێکی پڕ و درێژ کە ئەرژایە سەر ڕوومەتی لاوی ئەپساند.

«بۆ کات جەرگ و دڵ بە موژگانی ئاڵ

لە برینم ئەتکێ تک تک خوێنی ئاڵ»